# دوا پەنا

شیعری/ جەلال بە رزنجی



لەسێبەری پەنا ئێوارەیەك را

لەوێندە ر

دەمێك بوو تاریك و روون مەراقی گەیین بوو

دەمێك بوو,

هزمان فڕیبووەوە لای نیشتمان

دەمێك بوو

ئاسمان مەودایەكی تەسك بوو بۆ فڕین

دەمێك بوو

ئەوشتانەی بە رۆژ دەمان بینین بەشەو هەر دە تگووت

نەمان بینیوین

دەمێك بوو

یادەوەریەكان , بیریان چووبوەوە وشە كان بخەنەوە شۆێنی جوانی خۆیان

دەمێك بوو

تاراوگەیەكان , هێزیان نەبوو,

تەماشایان بگێرنەوە لا نیشتمان

لە وێندەر

بچینەوە گەڕەكی ئەستێرا ن

ژیان بەسا كا ری دەگەڕێتەوە ما ڵ

قۆلتاوەكان دەبنەوە مەمكی وشك بووی بنارەكان

لەوێندەر بوو

شەرمم لەپشت چارۆگەی دایكم جێ هێشت

داگیركراویشم لە پشت قۆمەتە خۆڵەكان

ئەو كات زۆر شتم دۆراند

ئەوكا ت زۆر شتم بردەوە

ئەو كات باوكم ئەو ئاوەی بردبووی بۆ ئاودانی باخچە كەی دایكم

لە پشت مالا ن لێی رژا

باوکم پێش ئەوەی بمرێ

کۆلارەیەکی لە هەست بۆم دروست کرد

وناردیە لای تەمبوورەکانی ئاگری

باوکم خوێکی جوانی هەبوو,

هەردە تگوت لە خودا فێری بووە

لە وێندەرێ,

تەمبورەکان بە ساکاری لێ دەدرێن

مرۆڤەکان , بەساکاری دێنە ناو دڵان

ئەو شەوبوو

ئەو بە لێنەی خودا پێی دابووین بردمانە ژێر لێفە

و جێگای خەیا لی شەرەفخانیشمان کردەوە

ئەم شەوبوو,

مەستیمان گێڕایەوە ناو گۆزەکان

ئە مشەو بوو

سندوقێکی زۆرم لە بەر دەرگاکان بینی

ئەم شەوبوو

بۆ دەورکردنەوەی عیرفان چوومەوە بەیانی

ئەم شەو

کە س خەونی بە رۆژێکی هەتاونەدەبینی ,

لە ڕێبەندان

ئەمشەوبوو

لەگەڵ ئاشتی گەڕاینەوە ناو تریفەی

رژاوی ئاسمانی (سکتان)

تێکەڵ بووینەوە بە هە نارەکانی نازەنین

بۆ بەیانی خۆر هەڵاتمان بۆ رۆژێکی بەفران بار جێ هێشت

هە ر بۆ ئەوەی شە هید بە تەنیا نەنێژرێ

هە ستمان لە گەڵیدا ناشت

ئێوارەیە کی درەنگ بوو

لە (ئاوەگرد) بووین

تیشکی خۆر هێشتا بۆ گەورە یی شە هید وەستابوو

ڕێحانه کانی دایکم به پێوەبوون
قامه تیا ن ئێواره ی تێدەپەڕاند
ئه ئێوارەیه بوو
خرخا ڵه به جێ ماوەکانی گەرمیا ن بوونه مانگی پێ کراوی بیابان
ڕەزەکان به مەستی مانەوه
شەوقمان کز تر بوو بۆ سەفەر
کچه کان فریا نەکەوتن , شەرمیا ن لەسەر رستەی(با) هه ڵخەن
دووا پەیژەی مانا یان جێهێشت
هێشتا کەس نهێنیه کانی په نهان نه دابوو
هێشتا بانگ له کودیله دابوو
سپێده خه واڵو بوو
باران زۆر به ئاسانی نەدەناسرایەوه
به ناو گوڵه کاندا دەهات نه یدەویست تەواو بێت
سروەش بەردەوام بوو له هێنا نی حەسرەتەکا ن
شاعیرێك دیار نەبوو به جوانی بسووتێ
یادەوەریه کا نم , ماوەیەك له خانیچۆله یەکی منداڵیم
جێ هێشت
ئه نفال/ پێش تر هات
هەنگاوەکانی تێك ئاڵاندم
خونچەی خه یا ڵی منداڵیم , جارێکی تر نەکرا یەوه
ژنه کەم پێشتر (بووکه شووشەکەی)له بۆردوومان
شاردبووەوه
بارانیش کردبووی به خوێکی پووچ
ئه م ناوەی پشت گوێ دەخست
له ڕێبه ندان , له پەنا خەونێکا ,
پێکەوه ئاگرمان کردەوه
له شاعیرێك ده گەڕام پێش من منداڵی خۆی دۆزیبێتەوه
دەمزانی خەیاڵم بەرەو ژووره
ئێوارەش بەردەوام بوو له هێنا نی حەسرەته کان
شوێنێکی ئارام نەبوو بۆ ته ماشا

بۆ كرانەوەی خونچەی خەباڵ

پێش مردن

لە گەڵ ئا شتی پێكەوە ,

چوینەوە لا ی ئەو بەلەمەی هێشتا راوی پێ نەكرابوو

سە ردەمێكی تر بوو

نەدەركرا ئەنفا ل لە كونی دیوار بشارنەوە

لەو كاتەوە, پەڕەسێلكە د رە نگ بەهار دێنی

منیش هەمیشە فریا ناكەوم پێش ئەوەی بڕۆم

هەستمتان بۆ جێ بێلم

بۆ شە وێكیش بێت هەستم لە گە ڵتان بخەوێ

سیاسەتیش

سەری تا كێشتەنگاوێ

بۆ شیعر شۆڕ كات

شە ڕ زۆر بە پەلە هاتوو ,

فریا نەكەوت هەموو كەرستەكانی لە گەڵ خۆی بێنێ

با ڵی هەڵۆ بە سەریانەوەبوو

شەڕ و خەونی گەنجەكانیش

لە بالكۆنێ ئاگر بەستێكدا مانەوە

خوداش چیتر باخەوانی با خەكەی خۆی پێ نەكراو

بەری دا

منیش بە ناو بێ ئومێدی و

باخی بەر درای خودا را

گەڕامەوە ئەو دەمانەی شیری دایكم هەمووی بۆ من بوو

ئەو شەو, زۆر كەس وایان هەست دەكرد

زۆریان ماوە بۆ مردن

لە وێندەرا

چوینەوە یەكەمین هە نگاوی رزگاربوون

چووینەوە لای بیرە كانی نەنكم ئا و بخۆینەوە

ئە شەو هێندەی نەبرد

مانگ بە پێ خواسی هاتە خوارەوەو

خیوەتی لە گەڵ مندالّەکان هەڵدا
میوە ش تێکەڵ بە شیعر بووەوە
ئەوکات شەڕ وا ناو بانگی لە م نا وە پەیدا نەکردبوو
هێشتا ئاگری نەگەیشتبووە ,
سوسکەو هە وێردەی چۆلیان
هیشتا شازەزای بە هەموو بەر دەرگاکان نەبوو بوو
هێشتا گیایە کان تا هاوینێکی د رەنگ دەمانەوە
ئاسمان وا تەنگ نەبووبوو , بۆ خەیاڵ کردن
خۆریش وا شەمن نەبووبوو
خۆی لە پەنایان بشارێتەوە
منیش وا درەنگم بەسەردا نەها تبوو ,
بۆ مالّینی بە فری سەر ریشم
گولّە کانش دوا نەکە وتبوون لە چوونەوە خزمەت غوربەت
حەیرانی چ مەستێك بووی
چۆن ئەم ژیانەت تەواو کرد
ئە م ئێوارەیە بوو,
چووینەوە لا ی کا رمامزەکانی قەرەچووغ
پێش بە عەرە ب کردنیان
کەروێشکەکانی گەرمیان پێش,
ئەنفال
هەمان رۆژ بوو لە پەنا تاراوگەکە مرا
چوومەوە ئەو دەمانەی هەمیشە بە پێکی زانیاری مەست دەبووم
خەونەکانم لە سێبەران بلاّوەیان لیّ کرد
شتێك نە مابوو تێکەڵ بە حەق و جوانی بێت
بە ختمان تۆپێك بوو بە دەستی قەدەر
نیشتمان واتەنگ نەبووبوو بۆ شاعیرەکان
لە وێندەر ڕا
چووینەوە ناو چڵی برِاوی ئە و درەختانەی ئوتۆمبێلمان بوون
بۆ چوونەوە گەرەکی مندالّی
لە وێندەر ڕا

**چووینەوە ئەو دەمانەی بە پێکی زانباری مەست دەبووین**

**خە ونەکانبشم لە سێبەران بلاوەیان لیٚ کرد**

**شتێك نەمابوو**

**تێکە لٚ بە حە ق و جوانی بێت**

**بە ختمان تۆ پێك بوو بە دە ستی قە دەر**

**نیشتمانیش وا تەنگ نە بووبوو بۆ شاعیرەکان**

**لە وێندەرا**

**چووینەوە ناو لقی بڕاوی ئە و درەختانەی ,**

**ئۆتۆمبیلمان بوون بۆ چوونەوە گەرەکی منداڵی**

**چووینە وە ئە و دە مانەی بە پێکی زانیاری .**

**مە ست دە بووبن**

**گەڕاینەوە ئە و دە مانەی باخی خودا هێشتا,**

**خەیاڵی خۆش دەکرد**

**ماڵی قەڵە م ئالۆزکایە دار گوێزی وشەم**

**بۆ ئێمەی رۆژ هە لاتی**

**راگرتنی بەزمی زۆژ هەڵاتیانە زۆرە**

**خوداش لە ویٚ**

**بە درەنگەوە میهری خۆی پیٚ ناساندین**

**لە وێندەر ڕا**

**بە پەیژەیە کی زۆزەوە بۆ جوانی دانەوە,**

**بە سروشت**

**بە رۆژ هەلات**

**بۆ کەم کردنەوەی لاوا زی ژیان**

**شە وقمان دایەوە شۆڕش**

**کە ڕێبەندان رۆیشت**

**لە باخان گۆڵم نەمابوو**

**پەیژە یەك دوور بووم لە روخان**

**لە گەیشتن بە خودا**

**ئەو کات, هێشتا رامانەکانی , سوقڕات**

**با ڵندەیان بە سەرە وەبوو**

هەردووکمان پێکەوە خۆمان دایە دە ست با
تێپەڕ بووین بە ناو شە پۆلی هەنگوین
تێپەڕبووین
بەناوئەو قەڵە باڵغییەی کەوتنی خۆی قبوڵ تیە
کە ڕێبەندان نەڕۆیشت ,
خۆر لە دامێنی ئازادی خەوت
قبوڵم نەبوو لە بێ ئاگایدا بمرم
قبوڵی نەبوو ,گەنمی رژاوی جۆخینی مانگ هەڵگرێتەوە
لە م لاشەوە , شاعیری دالغەچی
پێش کوڵیك نیسان بمرێ
(با) لە گە ڵ یەکەمین هە ڵکردنیا ,
داڵغەی شاعیری بردبووەوە
من هێشتا لە پێشوازی هەڵهاتنی خۆر دابووم
چوا رچیوەی(ریالبستی) کفنی بارانی دەناسیەوە
خەیا ڵ لەگە ڵ خەردە ڵ سووتا
باوە شی(عومەرخاوەر)کۆن بابێ ,
بۆ گێڕانەوەی زیندەگی
شاعیری دالغە چیش وە ك هەموان
هیچی بۆ دوا خستنی مەرگ پێ نەکرا
زانیارە کا نمان لە ناو پەلکە زێڕینە شاردەوە
دڵمان خۆش بوو
هێشتا رووما ن رەنگی بۆری سیاسەتی نەگرتبوو
هێشتا خەیا ڵم خۆی ڕێك دەخست ,
لە گەڵ شیعرێکی تر بڕوات
هێشتا سروە, لە جەزیرە و بۆتانەوە
بۆنی گوڵە کانی قەراغ (وانی) دەهێنا
هێشتا رەزممان لە سروشت نە خواستبوەوە
هێشتا بە ئاسانی ئەستێرەکانمان دەناسیەوە
هێشتا خەیا ڵ ناوە ناوە هەندێك شتی بۆ دەناردین
هێشتا هە ڵەیەکی مێژووی بەروەو دوورترین تاراوگە ی زۆژ ئاوای

نەناردبووم

هێشتا د ە ست نوێژمان لە هەنارەکانی پەری نەدەشکا

باوکم سەیر بوو لە دەفتەری وێنە کردنم

وێنەیەکی زۆر جوا نی بۆم رە سم کردبوو

زۆر سەیر بوو , هەردەتگوت وێنە گر بووە

هەر دەتگووت خودا بە هرەی خۆی پیّ داوە

لەم ساتەوە زانیم خودا

خودای شتە بچووکەکانیشە

نە مزانی بوو باوکم , شازەزایی لە پەڕینەوەی ئاوی وا زۆردا بووبێت

باوکم کە هاتبووە شار

کانی پیاوانی کردبووە ناو دێمکەکەیوو هێنا بوویە شار

باوکم هەر دەتگووت دەریا وانە,

بە کاسکێتێکی ئاوی دەهات

رۆژیش لای چەپمان کەشخەی بەرزی خۆی لیّ دەدا

گۆرانیەکان بە کا لّی

شە قامەکا ن لە بەر دوو دلّی

نەیانتانی رەونەق بدەنەوە شۆڕش

ئە م ئێوارەیە ,

خۆم مەست بووم

تە ماشام لە دە رەوەم پیاسەی دەکرد

هەمووومان لە لا ی دەروونی عاشقێکی نائومێد هیچ بووین

سندوقی پەندە زێڕنەکا ن دەمێك بوو شکابوو

دەشت و دە ر بیّ خاوەن

(با)ش هەر وا لە هێنانی حە سرە تە کانی بە ردەوام بوو

پەندێك لە هزرێك

و یا دێك لە خەیا لّێك

گیر نەدەبوون

لە نیوەی ریگا بووین ,

بیّ پە ندوو

بیّ یادەوەری ماینەوە

کەسیش باسی نە خۆشیە شارا وە کانی سەرکردە کانی نە دەکرد
کەس با سی بە سەر هاتی سوارەی نە دە کرد
لە وێوە تا ئێزە , ماڵەو ماڵ
چرا دانرابوون
ئە سپە کان خوورت بوون وبە پڕی غاریان دەدا
رە زمی غارغا رێنیان زۆر رەند بوو
رێگا کان لە گەڵیان رە ند بووبوون
گەورە کان بە غاردان چوونەوە ما ڵ
رێگای چوونەوە منداڵیم قە ڵە با ڵغە
نا زانم کەی دە گەم
گوڵێکم لێ جێ ما یە کێك بە کاسکێتێکی رۆژ ئاوای هات
لە م جە نگە نە چووە ژوورەوە
وێنەی چ بکێشم
باڵندە رۆژ هەڵاتیە کان ,
پێش گەڕانەوەی من بۆ منداڵی رۆیشتن
نە متوانی ئازارەکانم لە م دیوو غار غارێنی ئەسپە کان
جێ بێلم
باوەشێك گیا و, خۆشە ویستیە کی رووکەش زۆریان دوا خستم
وێنەی چ بکێشم ,
سازە کان ئاوازیان پێچا یەوە ئاسمان
ئە و تەرمانەی سندوقەکان , تەسلیم بە یە کیان دە کەن ؟
وێنەی چ بکێشم
جوتیارە کانی چقوور ئاوا پێش ناشتنی ,
قۆزاخە کانی پە مۆ
وێنەی چ بکێشم ؟
رۆژ هەڵاتی بووم بۆ ئەوین
(با) ش هەمیشە هێرشە کانی ژیانی دەشکاند
هێرشە کانی جوانیش منیا ن دەشکاند
لە باران بارێندا پەروش نە بوو هەمیشە بێ گرفت
بە خەیاڵیدا رەت دەبوو

جوانی له جاران خراپ تر ی دەکوشتم

به فری چیا گۆرانیەکی غەمبار بوو

له وێشەوه گوێم له ترپەی ئاوی هه ناره کان بوو

دەڕچایه ناو گیای هاوین

له وێندەر

هه نگاوی رێبوارەکان ماندووبوون

له نشوستیه کان ئاگام ,

له نهیئنی  نوێژەکان بوو

ئا گام له تەسلیم بوونی هه ست دەگرت بێ کۆسپ

ئا له وێ

تەیرێك ,

فریوی نه خوارد

بۆقێك قیڕه ی خۆی هه رزان فرۆش نه کرد

نەمبینی (با) ئاوس کردنی دارێك له بیر کات

رووبارێك , بێ رەنگین کردنی شەپۆلەکانی بووەستێ

نه مبینی کچی کازیوه به ئا سانی خۆی تەسیم  ,  به

بەیانی کات

یان هەنجیرێك , به تای گەیینی بمرێت

لێره ,

مندالی وەك کاریله ,

دەچێتەوه,ناو کۆلانی خەیالْ

دەچێتەوەا ته ماشای ئاگری ئەشقیایان له چیا

ئێستا دەزانم پەرەسێلکه , کەی کەڵه گیا بۆ ژوورەکەم

دەهێنێ

دەزانم کوردێك چۆن له (ئیجه) ده خنکێ

دەزانم کەی به ختمان ماڵەو ماڵ دەکات

ئێستا که زەینم زۆر تیژه

دەزانم ,

بای ئه جه ل کەی هەڵده کات

تەیر کەی ده خەوێ

که س دوو دڵ نەبوو ,
له کردنەوەی پە نجە رەی ژیان بۆ گزنگ
کەس دوو دڵ نە بوو ,
لە وەی ماڵە کەی ,
گۆمێك بێت لە ئە وین
کە س دوو دڵ نە بوو
لە گێڕانەوەی خە یاڵ بۆ شەو
لە پێکردنی چرای پابز
پێش خۆر ئاوابوون
کەس دوو دڵ نە بوو ,
لە دروست کردنی جۆلا نە لە گوڵ بۆ ئازار
بۆیە منیش ,
بێ ئاوڕ دانەوە هاتوومەنەوە لای گوندی
ئە نفال کراو
تەیری باڵ کراو
هانووم کەمێك گزنگم لێ دیا بێت
وەفام بۆی هەبێت
رازی بووم رێگاکان کە مێك لا دە نە لای هزر
هەرکەمێك لوتفیان بۆ شیعر بمێنێ
ئەو کاتە بێ ترس دەچمەوە
ماڵەوە
لە مەنفام
مردنی شتێکە ناتوانی
بیخەیتە ئە ملاوە
بە هار بە شەوقەوە دەهات
لە گە ڵیا دەڕیشتم ,
تا ئە و شوێنەی ژیان رەگی دەگەیشتەوە
ئاو
پێشتریش , دەمزانی
ئاوی تاراوگە

نا گاته باخچەی بچووکی داکم له پشت ماڵان

لێره هه موویان هەوڵ دەدەن ,

خۆیان له رەهەندێکی شیعر لادەن

لێره

بەختمان

وەك هەور دەگەڕێ

با پێکی توش نایێ

کەس دوو دڵ نه بوو

هەستی له گەڵ هه ور بڕوا

کەس دوو دڵ نه بوو

له گەڕانەوه بۆ پێخەفی ئازادی

له گرتنه باوەشی خاك پێش مردن

کەس دوو دڵ نەبوو

له سەیر کردنی بێ هودەی شه ونم

له سەر په لکه گیا

ئه م ئێوا رەیه ,

وێنه ی هیچم پێ نه کێشرا

قه ڵه مەکەم رووی له چاکه بوو

بووکه شوشه کان جوانی جارانیان نەمابوو

یه که مین جاربوو خۆم ببینم ,

بەرەو کۆشی ئارام بچم

یه کەم جاربوو,

من و ریشۆڵه کان پێکەوه له خەو هەڵسین

هێشتا ئەمانه گرفت نه بوون,

هێشتا پەیوه ندی نێوان(با) وته نیا یی خۆش بوو

هێشتا هزر ئاگری دەکردەوه

له ناشتنی خۆرو شەهید

هەموو شته کان شینیان له بەر کرد

باوکیشم کاسکێته سوورەکەی

به کاسکێتێکی شین گۆڕیەوه

باوکم که مرد,
بیریان چووبووکاسکێته ئاویەکەی
داکەنن
ئەم هاتو چوونەسەری گێژ کردووم
زمانێکی واش نه ماوه نویژی پێ بکرێ
درەختێك دلی تەیرێکی پێ راناگیرێ
سێوەکان بە هیوای پێ گەیین مردن
هه نلرەکان به لێوی تۆزاوی,
وشك بوونەوه
په ندی گەلایەك,
به درەختێکه وه نەمابوو
له کۆلانه کەی ئه ولاتر,
ئامۆژکاریان دەفرۆشت
سوارێکم بینی دۆلا ودۆل دەهات
کەسم نەبینی له توخمی پایز
ئەوەی دەهات باری خەمی فڕێ دابوو
دەیویست به ساکاری بمرێ
ئەوەی دەهات په له ی بوو ,
زوو خۆی به کۆلانی سیاسەت بکات
ئەوانی تر روحیان سووك بوو
هه رکاتێك بیان وستبایه دەیان دایه شەقەی بالّ
وده فڕین
له وبەریش چه می رزگاری هاژەی دەهات
هه ر له کۆنەوه به ندی رۆمیان گران بوو
هه موویانم بۆ کەمێك لای رووباری رزگای ,
جێ هێشت
خوداش شتێکی بۆ نه هه ناردین
به م شەوه بچینەوه کۆێ
خەیالێکی باشت هەبوو,
شته کانت زوو به خاکەوه گرێ دەدا

**خه یالْکی باشت هه بوو,**

**بۆ نزیك راگرتنی هەستت وشینای ئاسمان**

**ئەو کات بێ گرفت پێش مریشکەکانی ,**

**بابه حاجی دەخەوتی**

**بەیانیش پێویستت به کەس نەبوو**

**گری کوێرەکانت بۆ بکاتەوه**

**ئه و کات باخچەی شه ڕه فخا ن پاسه وانی نه دەویست**

**هه مووما‌ن دەمانتوانی به مەله له گۆمی رابردوو**

**بێنەوه**

**ئه و کات خەیا لێکی باشت هه بوو,**

**دەتوانی ماڵه کان گەرم دابێنی**

**ده توانی تۆ به ئه رزا وەر کەیت**

**دەت توانی هەمیشه دەست نوێژت هه بێت**

**بۆ سەر وەریەکان**

**له دووریانەکان ,**

**چرا بڵند بوو**

**هەستت هێلکاربەکی شین بوو**

**له بەر تەرمی خۆرو شەهید**

**له دوا سلتی ناشتنیان وەك ئالاّ هەڵکشا**

**خەیاڵی شاعیر ,**

**نزم تر بوو**

**شاعیر چیتر سواری سەری مه یدانی نەبوو**

**شاعیر له مەولا ,**

**پیادەیه له بەر دەم سروشت**

**له به ر ده م فڕین**

**جاران خەیاڵی شاعیر ساویلکه بوو**

**له جا مه ئاوێك مەلەی دەکرد**

**هه ستی پێش جریوەی چۆڵه که کان ده که وت**

**کتێبێکی پیرۆزم , نەبینی ,**

**حیکمه تەکانی  وەك پۆلێ رووبار بەم ناوەدا رابوورن**

یه کەمین جار بوو ,

کەنا چە ئەوەندە  لە کۆلاّ نی خەیا لّما بمێنێتەوە

بە و تەمی تەماشاو ,

ڕەنگاڵەی وشەوە

چووبومە چیا

گۆێ بگرم لە ستران

بە بلّندی  چوو بوومە ئە و سە فەرە

ڕۆژێکی خراپم هەبوو

چەندە گەڕام ,

هەناسە یە کی جێ ماوی ئە نفا لم نەبینیەوە

هەستم وەك جاران لە گەلّ شتەکان نەدەوروژا

شەو با بۆنی گوڵە کانی باخی شاری دەهێنا

بە رامبەر دارگوێزی بیری شە هید عە بدولخا لیق وەستام

مە مکە کان لە سێبەریا

تایان بە ردەدا

خە لّك دەستە دەستە

لە قەفەز دەها تنە دەرەوە

ئاو دەگەڕایەوە خەونی شەهید

ئە سپەکان غار غارینیا ن دە چووەوە (بۆتان)

لێرە

مردن بە ئەسپەکانش رزگارنەبوو

دلّشمان بە شتە بچوکەکان ناکرێتەوە

خوداش لا لە شتە بچوکەکان ناکاتەوە

گەڕامەوە پەنا چارۆگەی دایکم

یە کە مین پەنام بوو ,

پە نا چیلە بەردەکان

پەنا سندوق

پەنا قە لاّ

پەنا شّورشی سەقە ت

پەنا دەمامك

هیچیان وەك پەنا چارۆگی دایکم پا رێزراو نەبوون
ئەو بە یانیەی ئەشقیا کانی شاخی وە سما ن کوژرای
نە هاتنە سەرئاوە خەمبارەکان
دار کەرەکان کەمتیار خواردنی
دنیا لە رۆژان زووتر لە خوار ئاوای ئاوابوو
منیش هیچم لە بارەی گرِی قەتپا لّ و
ئە شقیاکان نەدەزانی
نە مدە زانی گوڵە کان کەی هە ڵدەوەرن
خە مەکان لە کوێوە دێن
پەیوەندیم بە دەرەوە لاواز بوو
ئیستا دانیشتووی گوندێکی گەورە ترم
بە لاّم ناتوانم شتە کانی خۆشم دەوێن
وەکو جاران بیان بەمە سەر بان
ئێستا کە متر لە گەڵ خودام
ئێستا ,
کەمتر بە ئۆتۆمبیلی مندالّی سەفەر دەکەم
ئێستا گوڵەکان نەخۆشیش کە ون ,
ناتوا نم بیان بەمە نەخۆشخانە
رووباریش ئێستا ,
نە سە ر لە نە ورسە کانی سەری بەرز دەکاتەوە
نە ئاورِ لە ڤیرەی بۆقە کانی قەراغی دەداتەوە
کە س ناپرسێ بۆ بەیانیەك دەنگی کەلەشێر نایەت
کەس ناپرسێ
بۆچی شە ما لّ ,
نا مە یەکی ولاّت ناهێنێ
کە س ناپرسێ
بۆچی کۆترێك بە سەر دار توەکەی حەوشەی مەکتەبەکەمان نەما
کەس ناپرسێ
بۆچی نازە نین

نه هاته ناو یاری

ژێر پەلکە زێڕینە

کەس نەی پرسی

بۆچی هەرمێکان تا ی گەینیان بەر نە دا

کەس نا پرسێ

بۆچی مەرگ , ئەوەندە دەڕانێتە خوار

نەیا ن پرسی ,

خەیاڵی شاعیرو کوڕی شەهید

بۆ نا بووتن

نەیان پرسی

کامە خیوەتی زانیاریە

پرسیا رەکانیا ن لە سە ر شە قامە کان جێهێشت

سەیر بوون هەر دەتگووت ,

مرۆڤی بێزەینن

ئە م ئێوا رەیە ,

نە متوانی شتێك بۆ تاراوگە دابین کەم

حە وشەی ما ڵە کە مان دە چووەوە سەر ,

ئاوێکی پیرۆز

خەیا ڵیشم لا ی شتە پیرۆزەکان بوو

ئە وانیش سۆزی جارانیان نەمابوو

بۆ ئە وانیش زەحمەت بوو,

رێگای چوونەوە منداڵیم نیشان دەن

منیش بەم دواییە توانای پەنجەرە کردنەوەم ,

لە کەس نەبوو

وام لێ هاتووە ,

شە وانە ئاو نە ڕێژم

لە گەڵ خەیا ڵی لەشی کەسی تر نەڕۆم

ئە مشە و,

لە مەراقی تە ماشای ئەو رێگەی ,

دەمباتەوە ئەو لا ,

نەخەوتم

لە گەڵ سروەی ها توو لە وڵات ,

پێکەوە

ئاونگمان لە سە ر پە لکە گیا ,

لە خەو هە ڵدەستاند

بە شیری مە کی کەسێك, دە خەوتین

زۆر ماینەوە ,

کەسێك بە هزرێکی درەوشاوەو

لەشێکی گورج و گۆڵ نەهات

بڵێ :

با بڕۆین بۆ باخی ئە و بەر ,

یەکەم جار بوو ,

هە موو جوانی ,لە ساتێکی تەماشام دا بێت

چاوم لە ژاکانی سروشت وماتە می وەرزەکان بێت

خەرێکی خۆ ئا مادە کردن بووم ,

بۆ سە فەر لە گەڵ با و زەریای بێ ئۆ قرە ی ها وسێم

هە سێکمان پێکەوە بچینە با خە ڵی شە پۆلێك

لە وێڕا ,

هە میشە درە ختی بە هرە ی خۆم ئاو دەدەم

من پێش تەیرە کان ,

کۆلارە کانم بە ئاسمان سپا رد

لە وێڕا ,

خاڵخا ڵۆکە , زۆر لە سەر پە نجە کانم نەمایەوە ,

بەرەو لای ماڵی خاڵم لە رۆژ هەڵات  هەڵفڕی

شا عیرەکان ,

لە بە یانیەوە بە دیار جوانی مردبوون

کۆلارەو ,

تەیرەکاتش

بە دیار گەڕانەوەی هەیبەت بۆ ئاسمان وەستابوون

وڵات غەریب تر لە جاران

بێ سێبەری ڤازو ڤوڵێنگان مایەوە

شتێکیش بۆنی گوڵە کانی بۆ نە خۆشە کان نەدەبرد

ئە و کات دەما نگووت:

هە مووومان بە کەشتیە کی بچووك هاتین

ئە وکات دۆستی نزیکی پەروانەبووین

ئە و کات شیعر لە دەنگی (نا ی) غەمبارتربوو

لە بیرمە ,

بە کراسێکی ئاوی ,لەشێکی کا فوور , سەندە لێك لە مەرجان

مەستی کوپە کانت دا بە من

شوێن پێی زەریا ,

گەورەتر بوو ,

لە توانای من بۆ دۆزینەوە ی

پە نا کانم هە موو کرد ,

هیچیان وە ك پەنا چا رۆگەی دایکم نەبوون ,

شە رمی لێ بشارمەوە

بۆئەوەی لەپشت غە لبە غەلبی رە شە با ,

لە کۆشی ئارام بخەوم

ژیان , بە دەرگای ئە و ماڵە دا نە دەچووە دەرەوە

شاعیری پڕ دالغەش ,

بە را کردن بەرەو ژیان دەچوو,

تا تیایدا بمرێت

کەنەدا 2002